# له نێوان بزنس و ئیلتیزامدا

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)

یەکێك لەو ئەرگیومەنتانەی کە تا ئێستا یەکلا نەبۆتەوە تێڕوانینی هونەرمەندە سەبارەت بە سینەما. ئەگەر چی ئەم ئەرگیومەنتە هەر ماوە ،بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو پرسیارە وەڵامی خۆی وەرنەگرتۆتەوە، بەڵکو ئەوە تێڕوانینی جیاوازە بۆ سینەما کە درێژە بە عومری ئەو ئەرگیومێنتە دەدات.ئەوەی بەدوای ئەوەوە بێت کە ئیتیفاقێکی گشتی لەسەر تێڕوانینمان بۆ سینەما هەبێت بە ئاکام ناگات.

ئەوەی کە سینەما لەلای هەر کەسێك پێناسەیەکی هەیە ئەگەڕێتەوە بۆ پێشینەو دونیابینی ئەو ،فەلسەفەی ئەو بۆ ژیان. هونەرمەندێکی ئارەزوومەند ئەوەندەی بە تەنگی ئەوەوەیە کە ممارەسەی هونەرەکەی بکات بەقەد ئەوە بیری لای ئەو داهاتە نییە کە لە ئاکامی ئەو ممارەسەیەدا بەسەریدا ئەڕشێت.هەتا سینەما وەك حەزێك بوونی لە ژیانی ئەمدا هەبێت ،حەزێکی تر گرێی ئەداتەوە بە سینەما، حەزی خۆ خاڵی کردنەوە لە هەموو ئەو تواناییانەی کە لەو بوارەدا هەیەتی.خۆ خاڵی کردنەوە نەك بە مانای خۆ ڕزگار کردن ئەگەرچی بە مانایەك ئەمەش دەگەیەنێ، بەڵکو پێشکەش کردن و دەربڕین و کەشف کردنی ئەوەی لە هەگبەکەیدایە.بەڵام هەر کاتێك هەڵخلیسکا بەرەو دونیای بزنس ئەوسا ئەو حەزە تیایدا ئەمرێت و لە جێی ئەوە حەزێکی تر لە هەناویدا چەکەرە ئەکات ،حەزی بەدەست هێنانی دەسکەوتی مادی.ئەم حەزەی دوایی لەگەڵ ئەوەی ئەتوانێت هونەرمەند لە بەها ئینسانییەکانی خاڵی بکاتەوە ،لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی تواناییەکانی تاوەکو بتوانێت بازاڕێکی باشتریان بۆ بخوڵقێنێ(بۆ تواناییەکانی).

ئیلتیزام بوونی مەسەلەیەك و تواندنەوەی هەموو تواناییەکان لەو پێناوەدا نییە، ئەگەرچی ئەمە ڕای زۆرێك لە ڕۆشەنبیرانە، بەڵکو بە بۆچوونی من ئیلتیزام واتە کارکردن لە چوارچێوەی دونیا بینی و قەناعەتەکانی خۆت لە هەموو ووردەکاریەکانی ژیانا. ڕەنگە بتوانین لەبەرامبەر قوتابخانەی هونەر بۆ هونەردا باشترین پێناسەی ئیلتیزام بکەین.ئەگەر سینەما لە گۆشەنیگای ئەو قوتابخانەیەوە چێژ بەخشین بێت بە بینەر ،ئەوە هونەرمەندی مولتەزیم لە هەوڵی بردنەسەری ئاستی مەعریفی بینەرانە.زۆر جار حەقیقەتێکی سەیر لە سینەمادا دەبینرێ ئەویش نا تەبایی فیکرو دونیابینی هونەرمەندە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو فلیمەدا کە ڕۆڵی تیا بینیوە .بەو مانایەی کە پەیامی فلیمەکە ڕەنگدانەوەی فیکری هەموو یان بەشێك لەو هونەرمەندانە نییە کە کاریان تیا کردووە.هەندێك جار وا ڕوودەدات کە فلیمەکە پەیامێکی ئینسانی گەورەی هەبێت ،بەڵام عەقڵیەتی بزنس لە پشت درووست کردنی فلیمەکەوە بێت نەك بیرو باوەڕ.

ئەگەرچی لە دونیای ئەمڕۆدا هونەرمەند ناچارە بژێوی ژیانی خۆی لە ڕێگای هونەرەکەیەوە بەدەست بێنێت،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت هاوسەنگییەك لە نێوان بزنس و ئیلتیزامدا ڕابگیرێت ،ئەمەش ئەسڵی بابەتەکەیە ،هەرچەند نموونەمان کەمە لەم بوارەدا، بەڵام دەکرێت لاسایی ئەوانە بکەینەوە کە جێی پێیان لەم ڕێگا سەختەدا دیارە